# نامەیەکی کراوە بۆ سەرکردە کوردەکان

بەڕێزان:

جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

حەمید مەجید موسا سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق

کەمال شاکر سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

غەفور مەخموری سکرتێری پارتی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

موحەمەد حاجی مەحمود سکرتێری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

د. فایەق گوڵپی سکرتێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

پاش سلاوو ڕێز...

ئێمە وەك کۆمەڵێك نووسەر، هونەرمەندو ڕۆشنبیری کوردی دوورە ووڵات جگە لە کارکردن لە بوارە جیاجیاکانی خۆماندا هەمیشە ڕۆڵی چاودێریکی سیاسیشمان هەبووە لە گۆڕانە سیاسییەکاندا بەتایبەتیش ئەو گۆڕانانەی پەیوەندییان بە کێشەی گەلەکەمانەوە هەبووەو هەیە. پێمان وایە خەباتی هیچ گەلێك بە بێ ڕۆڵی ڕۆشنبیر و کاریگەرییان لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان سەرکەوتنی گەورە بەدەست ناهێنێت، هەر بۆیە هەمیشە شان بەشانی خەباتی سیاسی حیزبە کوردییەکان بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان ئێمەیش چ لە شێوەی چالاکی کلتوری، خۆپیشاندان، ناڕەزایی دەربڕین و کۆڕو سیمنار لە خەباتی بەردەوامدا بووین و بەردەوامیش دەبین.

بەڕێزان و خۆشەویستان: ئێمە بەردەوام دەتوانین بڵێین لە پاش ڕاپەڕینەوە لە خەمی گەورەی کەرکوکدا بووین و ئەو هەموو وتار، کۆڕو سیمینارانە، کە بۆ کورد و خەڵکانی بێگانە کراون و نووسراون شاهیدی ئەم قسانەن، لەبەر ئەوەی پێمان وایە چارەنووسی کوردستان بەستراوە بە کەرکوکەوە، بێگومان ئەمەش خەباتێکی بەردەوام و کۆڵنەدەری دەوێت بە شێوەیەکی سەردەمانە، ئێمە هەمووومان بە حیزبی و ناحیزبییەوە لەبەرامبەر بەرپرسیارییەکی مێژوویداین، لەسەر شانی هەموومان ئەرکێکی نیشتیمانی گەورە هەیە، کە هەرکەسێك، حیزێك، ڕێکخراوێك و کۆمەڵەیەك ڕێگای خەباتێك بدۆزێتەوە بۆ زیاتر دەسکەوتی مافە نەتەواییەکانمان.

ئەمڕۆ ئێمە لەبەرامبەر هەڕەشەو پیلانی گەورە گەورەداین، بەتایبەتی لەم کاتەدا، کە زلهێزەکانی جیهان خەریکی بنیاتنانەوەو سەر لەنوێ دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقن پێویستە ئێمەش بۆ پیلان و پرۆگرامی نوێ خۆمان ئامادە بکەین، نابێت سەودا لەسەریەك بستە خاکی کوردستان بکرێت، نابێت بهێڵین خەونی گڵاوی دوژمنان و کۆنە بەعسییەکان بێنە دی. ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆ لەپشت ناوچە کوردییە تازە ئازادکراوەکان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتییەوە هەیە تارمایی بەعسی لە پشتەوەیە، ئەمە ئێمەی نیگەران کردووە بۆیە ناڕازین بەرامبەر ئەو

سیاسەتەی دەیەوێت کەرکوکی بەعەرەبکراوی ئەمڕۆ بکاتە پێوەر بۆ کەرکوکی ئایندە، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە بە پشتیوانی چەندین کۆمەڵەی کولتوری و ڕێکخراوی سیاسی و خەڵکانی دڵسۆزی هەرچوارپارچەی کوردستان خەریکی خۆ ئامادە کردنین بۆ چالاکییەکی گەورە لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف و داواکارییەکانمان بریتین: لە ( پوچەڵکردنەوەو بنبڕکردنی سیاسەتی بەعس لەکەرکوك و ناوچە تازە ئازاکراوەکان، جێبەجێکرنی برگە بە برگەی بریاری 58 لە ماوەیکی دیاریکراودا، گەڕانەوەی هەموو شارو شارۆچکە کوردییە تازە ئازادکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان).

بۆ ئەم مەبەستەش قسە کراوە لەگەڵ کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف و بڕیار وایە لەم هەفتەیەدا لیژنەیەك، کە بریتین لە سێ کەسی هەڵبژێرراو چاویان بە بەرپرسی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە عێراق بکەوێت و گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانەی تایبەتە بە شارە بەعەربکراوەکان و کێشەی کەرکوك بکرێت، لە هەمانکاتدا ئەم داوایەش دەخەینە بەردەست ئێوەی بەڕێز تا کات بەسەر نەچووەو چیتر کات بەسەر نەچێت پێ لەسەر ئەم داخوازیانە دابگرین و پێکەوە کاریان بۆ بکەین تا بە مافەکانی خۆمان دەگەین، چونکە مێژوو بۆی سەلماندین، کە تەنها بە یەك گوتاری و یەك دەنگی دەتوانین بە مافەکانی خۆمان بگەین و سەرکەوتن بە دەست بهێنین.

ئیتر هەر سەرکەوتوو بن و بەرەو پێشەوە

کۆمەڵێك نووسەر و ڕۆشنبیری کورد لە تاراوگە
23.1.2005

<u>**تێبینی**</u>

ئەم نامەیە بۆ هەموو ئەو سەرکردانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە بە ڕێگای تایبەتی و جیاواز نێردراوە بەڵام هیچ یەکێك لەو سەرکردانە تا ئێستا وەڵامێکیان نەداوەتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی لەسەر تۆڕی ئینتەر نێت و ڕۆژنامەکان بڵاوی بکەینەوە.